وەزارەتی تەندروستی فەلەستین: ژمارەی کوژراوانی کەرتی غەززە 28هەزار کەسی تێپەڕاند

وەزارەتی تەندروستی فەلەستین لە غەززە ئەمڕۆ شەممە ڕایگەیاند، ژمارەی کوژراوانی بەردومان و ئێپەراسیۆنە زەمینییەکانی ئیسرائیل لە کەرتی غەززە لە 7ی (تشرینی یەکەم/10)ی 2023ەوە تا ئەمڕۆ بە 28 هەزار و 64 کەس بەرزبۆتەوە، هەروەها 67 هەزار و 611 کەسی دیکەش بریندارن

وەزارەتی تەندروستی فەلەستین لە غەززە لەڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، هێزەکانی ئیسرائیل 16 کەمەڵکوژییان لە دژی بنەماڵەکانی کەرتی غەززە ئەنجامداوە و لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردودا 117 کەس کوژراون و 152 کەسی دیکەش بریندار بون.
ئاماژەی بەوەشکردوە، هێشتا ژمارەیەك قوربانی لە ژێر داروپەردو و لەسەر ڕێگاکان ماون و ئیسرائیل ڕێگری دەکات لە گەیشتن بە تیمەکانی ئەمبولانس و بەرگری شارستانی بۆئەوەی بچن بەهانای لێقەوماوانەوە.